# بەمەرجگرتنی وەلی ئەمر بۆ بەشودانی ئافرەت

[ kurdish – کوردی – كردي ]


## شێخ محمد جەمیل زینۆ

وەرگێڕانی: ئومێد عمر چرۆستانی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز



2015 - 1436

IslamHouse.com

# شرط الولي لنكاح المرأة

« باللغة الكردية »

محمد بن جميل زينو

ترجمة: أوميد عمر علي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2015 - 1436

IslamHouse.com

# بەمەرجگرتنی وەلی ئەمر بۆ بەشودانی ئافرەت

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودروود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

ئاینی پیرۆزی ئیسلام ڕەزامەندی وەلی ئەمری بە مەرج گرتووە بۆ بەشودانی ئافرەتان، ئەویش وەك ڕێز وشكۆیەك بۆیان لە پێناو پارێزگاری كردن لە دوارۆژی ئەوان، چونكە گومانی تێدا نیە وەلی ئەمرەكەی شارەزاترە بە بەرژەوەندیەكانی تاوەكو ئەو ئافرەتە خۆی .

١- خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَأَنْكِحُوا الْأَيَامَى مِنْكُمْ ﴾ [ النور: ٣٣ ]، واتا : ئەی موسڵمانان! ئافرەتە بێ مێردەكانتان بەشوو بدەن .

٢- خوای گەورە لەبارەی باوكی ئەو دوو كچەی كە موسی پێغەمبەریان لەسەر بیرەكە بینی، فەرموویەتی : ﴿ إِنِّي أُرِيدُ أَنْ

أُنْكِحَكَ إِحْدَى ابْنَتَيَّ هَاتَيْنِ﴾ [ القصص: ٢٧ ] واتا : وتی: ئەی موسا!
من دەمەوێت یەکێك لەم دوو کچانەمت لێ مارە بکەم .

ووتاری و خطابی ئەو دوو ئایەتە ڕووی کردووەتە دەمی پیاوان، بەوەی ئەوان بەرپرسن لە بەشوودانی ئافرەتان، چونکە ئەگەر بەشودان بەدەست ئافرەتان بوایە ئەوا باس دەکرا، ئەمەش زیاتر لەم ئایەتەدا بەڕوونی بەدەر دەکەوێت، کە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاءِ﴾ [ النساء: ٣٤ ]، واتا : پیاوان سەرپەرشتیار و کاربەدەستن بەسەر ئافرەتانەوە.

٣- پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی : « لا نكاح إلا بولي، والسلطان ولي مَن لا ولي له » [صحيح رواه أحمد ]، واتا : ئافرەتان بەشوو نادرێن بەبێ وەلی ئەمر، پێشەوا و دەسەڵاتداری موسڵمانانیش وەلی ئەمری ئەو ئافرەتەن کە وەلی ئەمریان نیە، هەروەها فەرموویەتی : « لا نكاح إلا بولي، وشاهدي عدل » [ صححه الألباني في الإرواء ]، واتا : ئافرەتان بەشوو نادرێن بەبێ وەلی ئەمر، وئامادە بوونی دوو شاهید .

ئیمامی صەنعانی دەڵێت : ئەم فەرموودانە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە بەشوودان صەحیح ودروست نیە بەبێ بوونی وەلی ئەمر، چونکە ئەصڵ لەم نەفیەی کە لە فەرموودەکاندا هاتووە، نەفی دروست نەبوون و صیحەتە، نەك نەفی کەمال تەواو کاری، [تەماشای : سبل السلام ١١٧/٣ بکە ].

٤-لەفەرموودەیەکی تردا هاتووە : « أيما امرأة نُكحت بغير إذن وليها، فنكاحها باطل، فنكاحها باطل، فنكاحها باطل، فإن دخل بها فلها المهر بما استحل من فرجها، وإن اشتجروا فالسلطان ولي من لا ولي لها » [ صححه الحاكم ووافقه الذهبي ] واتا : هەر ئافرەتێك بەبێ مۆڵەتی وەلی ئەمرەکەی بدرێت بەشوو، ئەو بەشودانە بەتاڵ و ناردوستە، ئەو بەشودانە بەتاڵ و ناردوستە، ئەو بەشودانە بەتاڵ و ناردوستە، ئەگەر هاتوو ئەو پیاوە چوویە لای ئەو ئافرەتە ئەوا دەبێت ئەو مارەییەی بداتێ کە بەهۆیەوە لەزەت وەرگرتنی بۆ حەڵاڵ کرد بوو، ئەگەر هاتوو ناکۆکیش کەوتە نێوانیان ئەوا پێشەوا و دەسەڵاتدار وەلی ئەمری ئەو ئافرەتەیە کە وەلی ئەمری نیە .

٥- لەجێگایەكی تردا پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی : « لا تُزوج المرأة المرأة، ولا تُزوج المرأة نفسها، فإن الزانية هي التي تزوج نفسها » [ قال الحافظ في بلوغ المرام : رجاله ثقات، وصحح الألباني الجملة الأولى، وصحح وقف الجملة الأخيرة على أبي هريرة ] واتا : ئافرەت ئافرەت بەشوو نادات، هەروەها ئافرەت خۆی بەشوو نادات، ئافرەتی داوێن پیس وزینا كار خۆی بەشوو دەدات .

خوای گەورە وپێغەمبەرەكەی كاتێك مۆڵەت و ڕەزامەندی وەلی ئەمری ئافرەتانیان بەمەرج داناوە بۆ

بەشودانی، لەبەر چەند ئامانجێكی گەورە وبەرز و پیرۆزە، كە سودی زۆر وزەبەندی تێدایە بۆیان، كە هەر هەموویان بۆ بەرژوەندی ئەوانە :

١-شێخ وەلی اللەی دەهلەوەی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت : لە بەڵگە هەرە تەواو وكامڵەكانی خوای گەورە ئەوەیە : بەمەرج گرتنی وەلی ئەمر بۆ بەشودانی ئافرەتان بەڵگەیە لەسەر

گرنگیدانی ئیسلام بەکاروبارییان، لەهەمان کاتدا فەرزکردنی ئیرادەی ئافرەت بۆ بەشوودانی خۆیان کارێکی قێزەونە، ئەویش لە بێ شەرمی ودەست درێژ کرنە سەر مافی وەلی ئەمر وبێ بایەخدانیان سەرچاوەی گرتووە .

٢- پێویستە بەشوودان لە زینا و داوێن پیسی بەوەدا لێك جوودا بکرێتەوە، کە بەشوودان بە ئاشکرا ڕابگەیەنرێت بۆ گشت خەڵکی بەپێچەوانەی داوێن پیسیەوە کە خۆشیان قێز لەخۆیان دەکەنەوە و ئارەزوو ناکەن کە کەس پێیان بزانێت، باشترین وچاکترین ڕاگەیاندنێکیش ئەوەیە کە وەلی ئەمری ئافرەتان ئامادەی ئەو ڕاگەیاندنە ببن .

٣- منیش دەڵێم : ئەوەی بەڵگەیە لەسەر ئەم بابەتە ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەری خوایە (صلى الله عليه وسلم) کە دەفەرموێت : « فصل ما بين الحلال والحرام ضرب الدف، والصوت في النكاح » [ صحيح رواه أحمد ] واتا : جیاوازی نێوان بەشوودانی حەڵاڵ و کۆبونەوەی حەرام، دەف لێدان وسرود وگۆرانی بۆ ووتنە بۆی (

واتا :شای وخۆشی سزدان بۆی ) .

ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی جیاوازی نێوان هاوسەرگیری حەڵاڵ وشەرعی، لەگەڵ زینا وداوێن پیسی، دەف لێدان و ئاهەنگ گێران وسرود وگۆرانی شەرعی ووتنە، واتا :ئەو کەسانەی کە بە هاوسەرگیریەکی شەرعی کۆدەبنەوە شانازی پێوە دەکەن و خەڵکی لێ ئاگادار دەکەنەوە و بانگهێشتی بۆ دەکەن، بە پێچەوانەی داوێن پیسی کە بە پەنهانی دەکرێت و هیچ کەس لەو ئافرەت وپیاوە حەز ناکەن کەس پێیان بزانێت .

٤- هەروەك چۆن ئافرەتان لەبەر نەبوونی ئەزمونیان لەناو کۆمەڵگە و نەناسینی پیاوان وشارەزا نەبون لە نهێنیەکانیان، زوو هەڵدەخەڵەتێن بۆ پیاوان، وبە ئاسانی پیاوان دەتوانن بە ڕواڵەتی بریقەدار وبەڵێنی بێ بنەما ودرۆ ئافرەتان لەخشتە بەرن، بەبێ ئەوەی بیر لە دوارۆژی مەترسیداری ئەوە بکەنەوە کە خۆیان بەبێ مۆڵەت و ڕەزامەندی وەلی ئەمرەکانیان بدەن بەشوو، هەر لەبەر ئەمە ئاینی پیرۆزی ئیسلام ڕەزامەندی

ومۆڵـەتـی وەلـی ئـەمری بـەمـەرج گرتووە بۆ بـەشوودانـی ئافرەتان، ئـەویش وەك ووتمان هـەمووی لـەبـەر بـەرژەوەندی ئافرەتانـە، چونکە وەلـی ئـەمر و لێپرسراوەکـەی دوورتر دەڕوانێت، وئـەزمون وپسپۆڕی فروانترە، هـەر بۆیە کاتێك بڕیاریش دەدات سۆز وعاطفە و ئارەزووبازی زاڵ نابێت بـەسەریدا، بـەڵکو بڕیارەکانی لـەسەر بنـەمای ئـەوە دەبێت کام پیاوە باشتر و گونجاو ترە بۆ ژیان بـەسەر بردن لـەگـەڵ ئـەم کیژەی ئـەماندا .

٥- چۆن دەبێت وەلـی ئـەمر ڕەزامـەند نـەبێت لـەسەر شووکردنـی ئافرەتان ؟! لـەکاتێکدا ئـەم ئافرەتـە بیەوێت یان نا، دواتر هـەرچی کێشە و گیروگرفتە ڕوو بـەڕووی وەلـی ئـەمرەکـەی دەبێتەوە لـەکاتی ڕوودانـی جیاوازی وناکۆکی لـەنێوان ئـەو وپیاوەکـەی، یان لـەکاتی فـەشـەل هێنان وجیابوونـەوە وسەرنـەکـەوتنـی پرۆسەی هاوسەرگیریەکـەیان تـەواوی گرفتـەکان ڕوو بـەڕووی ئـەو دەبێتـەوە .

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آلە وصحبە وسلم

سەرچاوە : پەرتوکی : تكريم الإسلام للمرأة.